به ناوی کوردستانی گەورە !

ح. س. سۆران
soransa@hotmail.com

# هیرۆینی و تریاکی

(لە زمانی دەروێش هەیاسەوە)

خوێنەری دلسۆز ! لەم بارودۆخەدا ، کە ئیعتیاد رۆژهەلاتی گرتوە ، ئەگەر دەکرێ ، دە نوسخە لەم هۆنراوەیە بلاو بکەرەوە ، بەشکو ببیتە دەرمانێک بۆ ئەم درمە پرمەترسیە .

ئەمن دەروێش هەیاسم
بەهەست و بە ئیحساسم
چاک و خراپ ئەناسم
دژی عیسانی کاسم
لاگری خولقی خاسم

×

ئەم وتانە ببیسە
مەلێ ریس گورسە
موعتادی خویە پیسە
یەقین کاری ئیبلیسە
ژینت ئەچێ لە کیسە

×

هیرۆینی و حەشیشی
بەنگی و گەردی و قەمیشی
بەتالە کار و ئیشی
هەرکەس خەریکی هینە
هین و مینی برینە

×

سەرنج بدە تریاکی
شەمزاوە سیپەلاکی
ئەلێی جرجە کەلاکی
بشکێنە حوققە و ماشە
ژیانی سادە باشە

×

نم نم ئەروا بە پەلە
دنیا لای قوڕ و زەلە
رەوتی وەک رەوتی قەلە
قنە ئەکا چەشنی کێچ
ئەبری ریگە بە مارپێچ

×

پووکی رەشە وەکو خام
چاوی قوولە وەکو جام
قەدی کوورە وەکو لام
ئەلێی کۆنە فیرعەونە
مووميايیە بەم لەونە

×

بە عەیبی پوورە جەوە
چاوی حۆل و لەخەوە
شەوی رۆژ، رۆژی شەوە
ملی دائەچەمێنێ
ئەڵێی زورنا ئەژێنێ

×

کە مژ ئەدا لە سیغار
دووکەڵ ئەکا بە خەڵوار
دەس ئەکا بە پشم و غار
لووتی وەک دووکەڵکێشە
گەروی سەرپاکی ڕێشە

×

ژینی جەفەنگ و جۆکە
بۆ جۆک وتن زۆر کۆکە
باوێشک و پشمە و کۆکە
دەوری ئەدەن بە جارێ
زووخاوی دێنە خوارێ

×

پیتی سینی وەک شینە
لێوی بەبار و شینە
کاری ماتەم و شینە
بێ کەیف و بێ دەماغە
دنیا بۆ ئەو باتڵاغە

×

وەختێ وانێکی نەما
غەرق ئەبێ لە تەما
چاوی ئەنوێ لە غەما
چون کەڵەبای لاری
تۆرە چاوی خوماری

×

لەشی چڵک و دژوێنە
پیس و خۆهەڵکرێنە
مەعدەنی بێن ومێنە
دژی سابوون و ئاوە
ئەڵێی لە قۆڕ خراوە

×

رووخساری چەشنی بۆقە
چاوی کانی ریبۆقە
لە ترسی دێیتە لۆقە
گوێی کوڵکنە و ملی شل
دایم ئەکا قسەی زل

×

قەول و مەرجی بەتاڵە
درۆ بەسەریا زاڵە
قسەی گەپ و فیشاڵە

نزیکی ترس و خۆفە
هەرچی ئەڵێ بلوفە

×

ڕووناخۆش و نەمرچە
نێو چاوی مۆڕ و چرچە
دیمەنی چەشنی ورچە
دەستەوئەژنۆ ئەڕوانێ
وەک عەمتەری نستانێ

×

کاتێ مەنگ و خومارە
دنیا لەسەری بارە
ژینی وەک ژاری مارە
وەختێ مەیلی لە چەسپە
باوێشکی چەشنی ئەسپە

×

بێ شوغڵ و ئیش و کارە
بۆ کۆمەڵی سەربارە
هەرچی ئەخوا خەسارە
چەشنی کارگی جەنگەڵە
بۆ کۆمەڵی ئەنگەڵە

×

بە قەول ی پوورە مێشێ
هەرکەسێ هێن ئەکێشێ
ئازای ئەندامی بێشێ
سۆران نەچی بە کنیا
غەرق ئەبی لە بنیا

وەڵام بۆ دەروێش هەیاس :

هەیاسە ! لە دیواخان چ باسە ؟